لە ناونیشانەوە بۆ فرەکولتووری.. دیار لەتیف

شرۆڤەی کتێبی شیعریی (گۆڕانەوەم بۆ ئەفریقا)ی پەشێوا کاکەیی

ناونیشان وەک هاودەق:

سەختترین بڕیاری نووسینی دەق، ناونیشانە. وریایەکی زێڕی پێویستە بۆ ئەوەی لەویتر نەچێت، نوخوازی تێدابێت و نەچێتە دڕدۆنگی سنووری دەقەوە. مەدەک لە ناونیشانی کوردیدا پەیدا بووە، لەبری ئەوەی کەشش بکات خەڵکی بێت، هەوڵی پاتەکردنەوەی ئەویتر دەدات.
ئەم شێلانە زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەگەر ڕەخنەی نەکرێت، لە ئایینەدا زیانکارانە دەرکەون و دەبنە دیاردە، پەڕەچێت بۆ پاساوی لەرزۆکانە ڕەوایەتی پێ بدرێت و بە کارێکی جێ ڕەزامەندی دابنرێت.
پەشێوا کاکەیی لەو شاعیرانەیە، کە بەشێک لە ناونیشانی بەرهەمە شیعرییەکانی کەوتوونەتە بەر بەکارهێنانەوە لە ڕووی ناوبەندی ڕەزمانی- ڕستەسازی- وشەیەوە. یەک نموونە لەو ناونیشانەی کە زۆر لەبەرگیراوانە بەرهەمهێنراوەتەوە، ئەم دوو ناونیشانەیە: (ئەفریقانامە بۆ تامی شیعر) و (ئەمریکانامە بۆ تامی شیعر)ە. بە جۆرێک هەم بردراوەتە ناو سەردێڕی گوتارەوە، هەم خواستراوە بۆ ناونیشانی کتێبیش.
ئەم بردنانە نایانتوانیوە ناونیشانە بنچینەیەکەی نووسەری یەکەم تێبپەڕێنن. ئەم بردنانەی وەک زیان بەسەر نووسەرانی وەرگر شکاوەتەوە. دەتوانرا لەو قاڵبە خوازراوەشدا گۆڕانکاری درووست بکرێن و کاریگەرییەکە کاڵ و لاواز دەر بکەوتایە و دەکرا و دەشبووە تێپەڕاندن و نەگوتراوە.
ئەو ناونیشانانەی ناوبراو، دوو کتێبە شیعری (ئەفریقانامە بۆ تامی شیعر) و (ئەمریکانامە بۆ تامی شیعر) کاریگەری خستووەتە سەر دیان ناونیشان، چ لە بواری وەرزشی- ئامیاری- زانستی- وێژەیی- ڕۆژنامەگەری. هەر یەک لەو بۆگانەی دیخەمە ڕوو، گواهی ئەوە دەدەن کە بە هەمان بەستنی ئەو دوو ناونیشانەی ئاماژەم پێدا، خەیان سازاندووەتەوە.
ناونیشانی کتێبی ((خەرمانێک بیرەوەری ڕۆژنامەنووسێک بۆ تامی چیرێک) هەڵپێچین) مستەفا ساڵح کەریم، دیارکەر لە لایەن ئازاد عەبدولواحیدەوە لێگەڕی کراوە. ناونیشانێکی تری کتێبکی شیعریی

(پەکەنین بە تامی گریان)ـی نەسرین تەنیا. (جوانییەک لە تووڕەبووندا (دیدارێک بە تامی ژیانناما))ی هیوا قادر لەگەڵ شەرزاد حەسەن ئەنجامی داوە و ناونیشانە لاوکییەکەی نەیتوانیوە وەرگرایەتی تەپەڕێنێت. (قیدکلیپ بە تامی هەوەست) ناونیشانەکی لاوکی ناو گوتاری: (خەونەکەی خەتم پیشان بدە، ئەران و کەشەی گەڕانکاری لە خەرهەڵات)ـی بەختیار عەلییە، کە دەکاتە ناونیشانی پاژە گوتارەکی گشتییەکەی، هەمان ئەو قاڵبە هەڵزمانییە ناونیشانییەیە کە لای نووسەری دەستی یەک هەیە. هاوکات دەیان گوتاری ناو ماڵپەڕەکان، هەمان کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەرکەوتووە و نەیانتوانیوە تەپەڕاندن بخوەقەنن. هەڵبەت ڕیزکردنی ئەو هەموو ناونیشانە لەبەرگیراوانە بە پۆیست نازانم، چونکە ڕوونە هەر بە گەڕانێک لە تەنەدا دەنە بەر دەستمان.
ناونیشان بەستێری دەقە، چەند خەمان لەم هاوکێشە پەڕگیر بکەین، هەندە لە ڕاستی و خوێنەر دوور دەکەوینەوە و بنەماکانی جوانی و سازاندنی ناونیشان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەم تێگەیشتنەمان بە نموونەیەک گەڵاڵە دەکەین: کاتێک بە بازاڕەکدا تێدەپەڕیت و لە تابلۆی سەر فرۆشگایەک دەڕوانیت، دەبینیت تابلۆی سەرتاشخانەیەک لەی نووسراوە دەرمانخانە، دەستبەجێ پرسیار و گومان دڕووست دەبێت و ئەو پرسیە دەبێتە جێی سەرزەنشت. ئەمە جگە لەوەی حاڵەتەکەش بە ناشیرین پێسن دەکرێت؛ بە ناونیشان و دەقیش بە هەمان شێوەیە. ئەوە بە خێی فریودانە، هەر فریوەک کە ساختەییە، ڕەت دەکرێتەوە.

ناولێنراوی کتێبی یەکەمی کەکتێبە ڕەمانشیعری (گەڕانەوەم بە ئەفریقا)ـی پێشەوا کاکەیی، (لەنگو ماسایەکاندا). (کە ئەم کەکتێبە، بەرگی یەکەمی پەژەکەیەتی، بە ناوی گەڕانەوەم بە ئەفریقا). گێشتەکی شیعرییانەی کولتوورخوێنە و لەو ڕێگەوە زەمەنەک بەر باس دەدرێت کێشوەربە، دەستبردن بە ڕێشەکانی نەریت و سازاندنەوەی مەژوو. قووبوونەوەیە بەناو ژینگە و ژیان و خووەوشتە میللییەکاندا. دەقەکی کوردی ئەفریقینووس، زمانەکی ڕەوان، پەیقیوە لە فەرهەنگەکی دەرین، لە میللەتەکی سادە ژیانکردووی سڕووشتخوازدا. (لەنگو ماسایەکاندا)؛ ئەو گەڕانە شیعرییە بانەتەوییەیە، کە خەی دەکاتە هەناوی ڕەحانییەتدا، پەیەو لە شێوازەکی نالاسایکەرەوەیە. جەڕەک لە شێواز خەی بیان دەکات لە چێشنی پەراوێزی شیعریی، کە ئەم هاوکات نوێکارییەکی سەربار خراوە. ئەم دەقە بزێوە درامییە؛ لە تەنیشت ڕەچوون بە ناوکی ماسایەکانەوە، ڕەخنەیەکی تونڊ لە سەرمایەداری و شێوە ژیانی هەنووکەیی و هاوکات هەندێک جار بەشداری پێکردنی زمانەکی

گەپ، توانجدەر و قامچی وەشێنە!
دووزمانەی ناونیشان لەم دەقی وانەیەدا، (لەنێو ماسیگیرەکان)دا، کە ناونیشانی لاوەکییەکە بە ناونیشانی سەرەکی کە: (گەرانەوەم بۆ ئەفریقا)یە؛ ئەم ناونیشانە لاوەکییە، هەوداوچن و گەڕانەوەخوازە، ئەمەش تەرزە مانشێتێکی نوێیە بۆ پێیەی لە هەوبەری شیعری کوردیدا کەمتر کاری تێدا کراوە (لەرەدا بە ناونیشان کردنی کولتووری گەلانم مەبەستە). ماسایی؛ کەمێک خەڵکێکن لە سنووری نێوان کینیا و تانزانیا نیشتەجێن، ئەم گەلە لە خاکی هەردوو وڵاتەکەدا دەژین، گەشتە شیعرییەکە لە خاکی ماسایەکانی کینیاوە دەست پێ دەکات. بەڵام پانتایی زیاتر نەدراوە بە هونەری جوانکاریی ناونیشان. هاوکات بە تەواوی ناونیشانەکە ئایەتی دەق، هەبەرییەکە بە پارێزگاری لە شوناسی دەقەکە. ناونیشانێکی نادیارییە، کە دەڵێم لە هەووی هونەری ناونیشانەوە جوانیناسی بەم ناونیشانە نەدراوە، بەو واتا دەتەوە کە ئاخۆ چی لەدوای لەنێو ماسیگانەوە دێت! ناونیشانەکە ئاماژەیەکمان پێدەدات، ئەویش شوێنە. بەڵام بە ئەوەی وەڕێتربا، دەبوو ناونیشانەکە سەربارخراویتری وەک پاشناوێک لەگەڵ هاتبا و لە ناونیشانی ئاماژەیی دووری دەخستەوە و دەیکردە ناونیشانێکی هونەری- وەڕەیی.

ناونیشانی لاوەکی کتێبی دووەم، (گیکویوو و تیرەی کچانی مەمبی)ـیە. خودی ئەم ناونیشانە، هەگبەکەی لە ئەفسانە و مەژوودایە. گیکویوو و مەمبی ئەفسانەیەکن لە (میتۆلۆژیا/ ئەفسانەناسی)ـی ئەفریقا، کە هاوشێوەی دیدی ئادەم و حەوایە، بەڵام جوداتر.
بە باوەڕی خەیان خودا لەسەر زەوی خوڵقاندوونی، گیکویووی نێر چووەتە کێو و نزای کردووە، دواتر لە کێوەکە هاتووەتە خوار و مەمبی مێی بینیوە و ئیتر بوونەتە ژن و مێردی یەکتر. ناوی گیکویووی بە مانای (درەختی هەنجیری گەورە) دێت و مەمبییش بە واتای (دروستکەر) دێت.
شاعیر زۆر کارامەیانە هاتووە و چیرۆکی ئەفسانەکەی گێڕاندووە و (دووزمانەی/ سیستم)ـی ناونیشانی (دەقەکەی/ دەقەکان)ـی لەسەر بونیاد ناوە. هەر یەک لە ناونیشانەکان بە واژەی هەنجیر و ژمارە دەست پێ دەکەن، ئەمەیش ئاوەزانی تەواوەتی ناونیشان و دەق، دوا جار ئاوەڕێکی زۆر پێویستی لەو بەڕێ ئیستاتیکەی کە ناونیشان دەیخوازێت، داوەتەوە. ئەم ناونیشانە بە هەموو مانایەک یەکانگیری دەق و پێ واتایە و بە جوانکارییەوە هاتووەتە بەرهەم.

(ئەمبوو و ئەمبرییەکان وەک درەختێکی لێکئاڵاو)، ناونیشانی

کتێبی سێیەم لە کۆکتێبێ ڕەمانشیعری (گێڕانەوەم بۆ ئەفریقا)یە.
لە بنچینەدا، ئەمبوو و ئەمبڕێیەکان یەک گەل بوون، بەڵام دواتر جیا دەبنەوە و لە ئێستادا دوو گەلن، زمانیان تا ئاستێکی زۆر لێکەوە نزیک و هاوبەشن.
ئاماژەی شاعیر ئەوەیە کە چەندە لێک جودا بن وەک دەستەاتی خێسڕی و ناسنامەی گەلایەتییان، بەڵام دوا جار هەر یەکن و وەک ڕەگی درەختێکن لێکئاڵاو، هاوشان ئەمە جارێکە لە ساخکردنەوەی مێژوویی. ناونیشانەکە زۆر شاعیرانەیە و تایبەتمەندییەکانی ناونیشانی سەرکەوتووی لە خۆدا کە کردووەتەوە.

(وەک مەرووێک باڵم گرت بۆ لای مەرووەکان). چوارەم ناونیشانە لە کۆکتێبێ ڕەمانشیعری (گێڕانەوەم بۆ ئەفریقا). ناونیشانەکە زۆر شاعیرانەیە، شاعیر مەرووی هەوێنی وەک زیندەوەرێک بە کار بردووە و مەرووی دووەم، ناوی گەلێکی سەربەخۆیە و ناوی ناوچەشە. ناونیشانەکە لە هەموو ڕوویەکەوە مانای پێدراوە.

(بۆ خێرانی ساراکا و چووکایی بم)، پێنجەمین ناونیشانە لە کۆکتێبێ ڕەمانشیعری (گێڕانەوەم بۆ ئەفریقا). ساراکا و چووکا، هەردووکیان دوو ئافرەتن لە نێو هەزارەکەی گەلی مەرووییەکان. شاعیر چونکە لە گەشتەکەی لەناو کتێبی (وەک مەرووێک باڵم گرت بۆ لای مەرووەکان)دا، ڕەستەتا لە دەست دەدات، ئیتر ئەقڵی مانەوەی لەنێو (مەرووەکان) لە هەڕەشەگیرەت و بێبار دەدات بەواتە ناو ساراکاییەکان و چووکاییەکان، بۆ ئەوەی کەمێک باری خەفەت لەسەر شانی کەم ببێتەوە. بۆ ئەگەری زۆرەوە کە وشەی خێرانبوون لەوەدا ئاماژەیە بۆ فریاگوزاری ئەو خەڵکەی کە ڕووی لە کردوون و بۆ دەموەی هاتوون. گەشتەکانی ئەم کتێبانە، پێکداچوون، بۆ تاک سەربەخۆن و بۆ گشت پێکبەستراون. کەی گشتییان ڕەمانشیعرن. ناونیشان شیعرییە و خوێنەر تاسەی کنە و پشکنینی دەقی بۆ دەکات.

(غەڕغەڕەم بۆ وشەی یاکووەکان کرد)، شەشەم ناونیشانی پێڵەکتێبی ڕەمانشیعری (گێڕانەوەم بۆ ئەفریقا)یە. یاکووەکان کە بۆ مانای تەنیایی دێت، گەلێکن لە وەاتی کینیا. شاعیر لەسەر پرسی زمان دەوەستێتەوە، بەم ناولێنراوە شاعیر دەیەوێت پەیمان ئابگەیەنێت کە تەرە لە کنە و پشکنین و لەناو گەلناسیدا تواوەتەوە و گەیدەیەکی چوستە. ناونیشانەکە بە تەواوی پەیوەری هونەریبوونی تەمار کردووە.

(ئیلچامووس و خوونی ئاو ماسی)، حەوتەم ناونیشانی پێڵەکتێبی ڕەمانشیعری (گێڕانەوەم بۆ ئەفریقا)ـیە. ئیلچامووسەکان کەمێک

خەڵکانێکی کینیایین و پیشەیان ئاوەماسییە، وەک ئەگ دەچنەوە سەر ماسییەکان، شاعیر بە تەکنیکاویەتی لەگەڵ کولتوور و نەریتە میللییەکان توانیویەتی سوودی باش لەو سەرچاوە وەربگرێت بە دەوڵەمەندکردنی ناونیشانەکانی. گەڵانەوە بە فەرهەنگ و هەبژاردنی ناونیشانی دەق، جوانی و قورسایییەک بە بەرهەمەکە دەدات.

(هۆشنایی و تاریکاییی تووگەن و پەکەتەکان)، هەشتەم ناونیشانە لە دەستکتێبی هاوڕێشیعری (گەڵانەوەم بۆ ئەفریقا)دا. تووگەنەکان کەمەڵە خەڵکانێکن لەو یازدە پاڵەی نەتەوەی (کالەنجین) لە وڵاتی کینیا. پەکەتەکانیش بە هەمان جۆر کەمەڵە خەڵکانێکن لەو یازدە پاڵەی نەتەوەی (کالەنجین). ناونیشانی ئەم کتێبە بە دوو واتا هاتووە، یەکەمیان هۆشنایی وەک ئاماژەیەک بۆ هاوڕێی تووگەنەکان کە خەڵکانێکی نەرم و نیانترن، ئاشتیپەروەرن و دوورن لە شەڕانگێزیی، تاریکاییش لە بەرانبەری پەکەتەکان هاتووە کە خەڵکانێکی هەق و شەڕخوازن. واتای دووەمی ناونیشانەکە (هۆشنایی/ تاریکایی) وەک یەکێکی سەربەخۆ و دوور لە ناوی ئەو دوو گەلە وەربگرین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاژە شیعرەی کە لەسەر کەرنایە و لەوێدا شاعیر ئاماژەی بەو دەخە داوە، دەڵێت:
(ئەم پەتایە، کەرتەشیەکی هەڕەحسەن
چۆن لە ماڵەچکەی زەویندا
هۆشنایی و تاریکایی دەسەن؟ .)

ئەم ناونیشانە دوو هەڵەندە و دوو واتا لە خۆدا کە دەکاتەوە.

(ناندی و تەریک و کیپسیگیس وەک سیانەیەک لە چاوی منداڵ)، دەکاتە نەیەم ناونیشانی پاڵەکتێبی هاوڕێشیعری (گەڵانەوەم بۆ ئەفریقا). هەر یەک لە ناندی و تەریک و کیپسیگیس سێ گەڵەن و سەر بە نەتەوەی (کالەنجین)ـی کینیان. ئەم ناونیشانە جەختکردنەوەیەکە لە یەکانەوانینەکی شاعیر بە ئەم سێ گەڵە. ناونیشانەکی درێژە، ئەوەی دژواری کردووە لە هووی دەربەینەوە تاقە واژەی (کیپسیگیس)ـە. ئەم وشەیە بە خوێنەر دەبەستە لەمپەر لە بەردەم گەکردنی ناونیشانەکەدا. هەبەت هاتنی (وەک)ـی ئامازی پەیوەندی هاوتای پیتی (ش)ـە، کە هەڵەی جەختکردنەوە و دڵنیایی کردنەوەیە. دەکرا ئامازی پەیوەندییەکە نەهاتبا لە پێناوی هەوەدانی کورتبڕی ناونیشانەکەدا.

(شەش کەڵگەی کالەنجین)، دەیەم ناونیشانی دەستکتێبی هاوڕێشیعری (گەڵانەوەم بۆ ئەفریقا)ـیە. لەڕەدا دەبەت بزانین کالەنجین نەتەوەیەکە و لە چەندین دەستگەڵ دروست بووە و خاوەن شوناسی

کینیایین. ئەم ناونیشانە لاوکییە لە سەدەی بیستەمدا، ناونیشانێکی ژمارەییە، کە لە ناونیشانی کتێبەکانی دەیەی نەوەدەکان بە پاشە ناونیشانکانی دەقەکان، ئەو تەونکارییە کارامەییەی شاعیرمان بە چەشنێکی لە چنیەتی کارکردنی تانوپۆی بڕگەی ناونیشانەکان. ئەم ناونیشانە دەکرێت بە یەکێکیتر لە ناونیشانە وردە کارلەسەرکراوەکانی ئەم کەمەی کتێبە وتارییە هەژمار بکرێت.

(لە هەر گوڵێکدا شیعرم کاژی خۆی فڕێ دەدا)، ناونیشانی یازدەیەمین کتێبی ڕەمانشیعری (گەلانەوەم بە ئەفریقا)ـیە. سرووشتی ناونیشانی دواین کتێب وا دەخوازێت درێژ بێت، چونکە وەک لە ناونیشانەکانی چەشنێکی دیکەی ئاماژە بە فرەگۆڵێک دەکات، لە ڕاستیدا چەندین گۆڵ بەسەر دەکاتەوە، بەیەک ناونیشانەکە پڕ بە پڕستی ناوەڕۆک هاتووە.
ناونیشانەکە کە درێژە، بەڵام لە ڕووی ئاوازەوە خۆشزاریی و وا لە خوێنەر دەکات بە دوای ئاماژە شاراوەکانی پشتەوەی ناونیشانەکەدا بگەڕێت. هەندێک جار ناونیشانی درێژ هەن چونکە خۆشئاواز و شیعرییەت و بە وێنە و هزرین بارگاوین، کەشێک بە خوێنەر چەناکات و درێژی ناونیشانەکە ئاسایی دەبەتەوە.
کەی پڕسەی ناونیشانەکان بە ئاگاییەوە کاریان تێدا کراوە و پاراتێکستی ئەم ئەزموونە شیعرییە کە بەکسکە لە یازدە کتێبدا، بە وردی و لێزانینەوە دەستی بە بڕاوە. لەبارەی ناساندنی پاراتێکستەوە کە دەکرێت وەک دەقی دووەمی دەق بیناسێنین. بە زیاتر ڕوونکردنەوەی گوزارشتی دەقی دووەمی دەق، ڕوونتر ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە کە ڕووبەرگ و ناونیشانی دەرەکی و ناوەکی دەقەکان و پێناسی کتێب و تابلۆی بەرگ و پێشکەش و دەروازە و ڕێگەزی دەق و پاشکۆ و هەڵکاری ناوخۆی لاپەڕەکان و هەر هەموو ڕەنیشاندەری پڕۆسەکانی ناو دەقن کە بە هەموو پێی دەگوترێت پاراتێکست.

(گەلانەوەم بە ئەفریقا)ـی پێشەوا کاکەیی، بە بایەخەوە ئاوڕی لە پاراتێکست داوەتەوە و ئەزموونەکی سەرکەوتووانەیە.

فرەکولتووری لە بەرانبەر توندوتیژیدا:

هەر نەتەوەیەک لە مێژووەدا قۆناغێکی بەرگری هەبووە. مێژوو دەنرمانە تەنپڕیوە، ڕەحی نەتەوەکان لە ڕەحی مرۆڤەکان دەچێت، کە بە سرووشتێکی دڕندانە تەنراوە. نەتەوەی سەردەستە، نەتەوەی ژێردەستەی قووت داوە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کەمترین تێگەیشتن لە نەوان نەتەوەکان ئامادەیی هەبووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانیی

تازەدا، هەشتا مرۆڤکان کولتوور و شوناس و زمان و مێژوو و سەروەری و تەنانەت هەبوونی یەکتر دەکەنوە.

لە بەرانبەردا کاری ئەدەبیاتە ئەو تێگەیشتنە مرۆییە دەستکاری بکات و بیگۆڕێتە سەر پێکەوەژیان و یەکتر پەسندی. بەڵام بە هەی ململانێ و جەنگەوە، سیاسەت و سەزی جەماوەری ڕەسەنیان لەسەر ئەدەبیات هەبووە، بەمەیش جۆرێک ئەدەب سەر هەڕەدات پێی دەگوترێت: ئەدەبی بەرگری.
دەکرێت لەم ئەدەبەدا بەر زەرترین هێژەی بە ئاژاوەنان و سووک ڕوانین لەویتر و هەڕەشە و بە بەهاکردنی مرۆڤ ببینەوە. ئەم ئەدەبە هەرگیز ناچێتە خانەی ئەدەبی مرۆڤایەتی و ڕاستەقینەوە. ئەمە باسکردن نییە لەو ئەدەبەی بەرگرییەکی مرۆڤانە لە نەتەوەیەکی داگیرکەراوی بندەستە دەکات، بەڵکوو مەبەستە لەو ئەدەبەیە کە بەرگرییە لە چوارچێوەی دەمارگیریی نەتەوەییدا! ئەدەبێک کە کار لەسەر سڕینەوەی ئەویتر دەکات، دژە پێکەوەسازانی ئاشتیانەیە.
ئەدەبێک کە دەرفەتی وتووێژ نادات و تاکە هاوەڵی خەسپاندنە. لەو سەردەمەی ئەدەبی کوردی کە دەیەوێت خۆی لە قەناغی ڕۆمانتیک جیا بکاتەوە، ڕوانگە و کفرییەکان کە سەر هەڵدەدەن لە قەناغی هەفتاکانی دەیەی ڕابردووەوە کە باس لە دیارترینیانە، ڕەنگە هیچ شاعیرێک هەندەی شێرکۆ بێکەس دەستی نەبووبێت لە بەرهەمهێنانی ئەدەبێکدا کە خۆی لە جیهان دادەبڕێت و دەکەوێتە سەنگەری ململانێی حیزبی و باڵەکانی ناو حیزب و ناکۆکییە زۆرەکانی لەگەڵ ڕووبەری تێگەیشتن لە پەیامی بانگەشەی ئەدەبی مرۆڤانە، ئەدەبێک کە بەیەوێت لە ڕوانگەیەکی بەرینەوە بە جیهان و لە جیهان بڕوانێت و کۆشەی شوناسی بخاتە بەردەم ئەوانیتر و جیهان، نەک لە سەنگەیەکی باریکی نەتەوەیی و حیزبییەوە!
هەرگیز کۆشکە ئەوە نییە ئەدەبیات لەکاتی تەنگانەدا ئاوە لە پرسە نەتەوەییەکەی بداتەوە، بەڵام چۆن ڕوانین و دیدێک، ئەوە جێی باسکەیە. ئەمە شێرکۆ دەخاتە بەردەم هەڵەیەکی گەورەی ئەدەبییەوە، کە تا تەمەنێکی زۆر لەگەڵیدا هەڵدەکشێت. هەرچەندە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا لەی هەڵدەگەڕێتەوە، بەڵام بە مانا مرۆڤانەکە نییە، بەڵکوو ئەوەی ئاگاداری قەناغە باوەڵمەندییەکانی شیعری شێرکۆ بێت، دەزانێت کە بە مانای مرۆڤانە نا، بەڵکوو پشتکردنە دەسەڵات بە مانای باڵەکی نوێی حیزبی و ئەپەزسیۆنانەیە بەرانبەر کۆشکان و تاکی کوردی و کۆمەڵگەی سیاسییە دەربەگی کوردییەکان. باوەڕە شیعرییە بەرهەستکارییەکەی شێرکۆ لە دەقی وادای (ئێستا کچێک نیشتمانم) کە ئەم دەقە بەیاننامەی ڕوو هەگەانی شێرکۆ لە

دەستەبات پشتان دەدات، لە ئاستیدا بە هەکاری بەرچوونی مادی حوکمانی دەستەبات بوو، لەوەو دەچێتە پاڵ وەستگەی دەستاتکی ئەپڕیسیانە لەپناو لە دەستنەدانی جماوەرکەی، چونکە هیچ شاعیرێک هەندەی شەرکە جماوەرویست نەبووە، چونکە ئەم شاعیرە شاعیری شەشیش بووە، شەشیش هەمیشە پێویستی بە جماوەر و دەنگی ئۆیتەر. بەیە بەکەی زەری ئەدەبیاتی شەرکە بکەس، بەرهەمهێنەرەوەی ئەدەبکی توندوتیژ بەرانبەر ئاژەڵان و مرۆڤ. ئەدەبیاتکە لەبری نەرمونیانت بکات، وا دەکات تەسەن، زبر و نالەبووردە بیت، ئەمەش کاریگەرییەکی تەواو نەرێنیانە دەگوازێتەوە سەر دەروونی بەردەنگ. بەم پێیە بەت ئەدەبیاتی شەرکە بکەس ئیشی لەسەر فرەکولتووری نەکردووە و توندوتیژی مرۆیانە و ئاژەڵیانەی خستووەتەوە، بەوەی لە ڕێگەی بە دەعەجانکردنی مرۆڤەوە، پشتاوەکی نەگریسانەی سەرباری جەری ڕێگەزیی ئاژەڵەکان کردووە.

گەر بە فرەکولتووری بگەڕێنەوە، گرنگترین شاعیرێک کە پێویستە بە بایخەوە لێی بدوانین پشەوا کاکەییە. ئەدەبیاتی پشەوا ئەزموونکی گەنجە، بەڵام ئەزموونکی تولانی و بارگاویە بە مەعریفەی شیعریی. ئوانین لە شیعر بە تێگەیشتنەوە، ڕەچوونە بەناو خاڵە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوەی شیعریانە. هەر دەستبردنکی بە پەیکەرەی شیعریی، ئاگامەندانەیە، بە ئاگاییەوە کار لەسەر ئەندازەسازیی شیعرییەتی خەی دەکات.
لە دوایین کتێبی ڕەمانشیعریدا (گەڕانەوەم بە ئەفریقا)، کە بەکسکە لە یازدە کتێبدا، گەلانکی ڕەشکەڵە تەوەرییە و دەچێتە ناو ڕێگەی نەریتە میللییەکانەوە و زمانی کۆن و ئەفسانەسازی و فرەکولتووری و فەرهەنگ و کەلەپووریانەوە. بەم سەرگەرمییەوە دەست بە گەڕانەوەکانی دەکات، گەڕانەوەیەک کە چەن دانتی (کۆمیدیای ئیلاهی) پێ نووسیەتەوە.
سەرجەم ئەم کتێبانە جەخت لەسەر بیرکەی فرەکولتووری و فرەشوناسیی گەردوونی دەکەنەوە، ((دەبە بە جەرکی دی، گەلان پکەوە ببەستینەوە))، ئەم دەڵە و دەیانی تر لە کتێبی (گیکوویوو و تیرەی کچانی مەمبی)دا، تەواو پاڵپشتی بەچوونکەمانە. کەکی ئەم پڕۆسەی شیعرییە، دەداری کردنە لەگەڵ سروشت و نیانی و ژینگە و ڕووەک و درەخت و هەوا و ئاو و ئاسمان. تە ئەگەر ڕەشکەڵەیت، زەردەڵەیت، سپیکەڵەیت، سوورکەڵەیت و هەر شەوێکیت. هەر زمانکت هەیە و هەر پاشناوێک، هەر کولتوورێک و هەر باوەڕێک، هەر ئایینێک و هەر ڕەگەزێک، چونکە تە مرۆقیت، لەم ئەزموونی پشەوادا جگەی بە کراوەتەوە. بەکوو بە یەکسانی و دوور لە هەر کردەیەکی

گەزپەرستانە. بەرزنرخاندنی ئەم ئەزموونەی شاعیر لەوەدایە کە گەزپەرستانە لە دەوروبەر وەک دەست و نادەست ناوانێت، بەکوو دەرفەت دەداتە دووانەن. شاعیر دەڵێت؛

((نەمدەویست وەک گەستاف یەنگ
بەم لە ژوورەکدا خەوتم، بەنی تەپاڵەی لە دەهات
خەم بکەمە دەروونشیکارێک و
هەموو شتێک بە کولتووری سپی بخوێنمەوە .))

لەم ڕووبەرە شیعرییەی کاکەییدا، جیاوازی چینایەتی گەیشتووەتە پلەی سفر، جیاوازی گەزی و جیاوازییە زەرەکان گەیان پێ نەدراوە، خەیان نمایش بکەن، مامەکە تەواو مرۆیانەیە. شاعیر لەم کتێبەیدا، خاوەن گوتارێکی دژە سەرمایەدارییە و دژە بەو بیرکردنەوە سپییەی بە عەقڵێکی سپیپەستانەوە کە دەخوازێت پلەبەندی دروست بکات و جیهان دابەش بکاتە سەر بەرز و نزم و کەیلە و سەردار. هاوڕێ لەگەیدا دژە ئەقڵییەتی گەزپەرستانەیە بە شوێن. شوێن ئازاد دەکات و دژە بە سنوورە دروستکراوەکانی مرۆڤ. هاوسات ئەم کتێبە شەشکە بەسەر ئەقڵی دەمارگیرانەدا، ئەم بیرە جوداخوازییە بە تەواوی لە فیلمی (خزمەتکارەکان)ـدا کە ئەمریکییە، جەختی لە کراوەتەوە. باس لە کەمەک ژنە خزمەتکاری ڕەشکەڵە دەکات کە چەن سیستەمی دەربەگانەی سپیکەڵەکان دەیانچەوسێننەوە. فیلمەکە ئەو واقیعەمان بە دەخاتە ڕوو کە مرۆڤ داگیرکەر و ستەمکاری مرۆڤ، دوا جار شەشی ڕەشکەڵەکان بەسەر یاسا زەرەملەکاندا سەر هەڵدەدات و دەگەنە جەرگ لە ڕزگاری و ئازادی. بەیە (گەانەوەم بە ئەفریقا) دابەانە لە زەوقی ئاهەنراوی چەندین ساڵەی شیعری کوردی، بە جەرگ لە خەیاڵەوە بە کەرستە و چەڕ و مانا و بیرکرنەوەی زمانییانە.

گەڕانەودم بۆ ئەفریقا